ژماره ٦
تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧

# ژنی کورد
# لەدووڕیانی ئایین و جیاوازیکردنی کۆمەڵگادا



زانا گەلێکی وەك ئەرستۆ، هیگل و نیچە کە بۆچوونەکانیان لە زۆر بوارەوە یارمەتی دەری جڤاکی مەدەنی بووە و کارایی خۆیان لەدەست نەداوە،هزری جیاوازی نێوان رەگەزی مێ و نێریان لە مێشك بووە، ئەرستۆ دەڵێت، "پیاو بە هۆی سروشتەوە لە ژن بەرزترە" و هیگلیش دبێژیت"عەقلی نزمتری ژن و کەمتر تێگەیشتنی لە چاو پیاو هۆکاری جیاوازی کردنی ژنە لە پیاو، هەروەك چۆن گژوگیا لە ئاژەڵ جیاوازە". کاتێك ئەمە هزری ئەمانە بێت، چاوەڕێی چی بم لە پیاوە بە رووخسار عەقل پێگەیشتووەکەی وڵاتی خۆم کە بە هەموو بێ شەرمیەك دەڵێت، ژن پێڵاوە لە پاتیکە خراپیش بوو فرێی دە، بێگومان ئەم هزر و بۆچوونە لە مێشکی زۆربەی پیاوسالارانی کۆمەڵگاکەم بوونیان هەیە و بە شانازیشەوە لەم لاو ئەو لا جار نا جار دەیلێنەوە، بۆ ئەوەی پێیان بوترێت، بەڕاستی ئێوە پیاون، چونکە بەکەمی سەیری ژن، هاوسەر، دایك و خوشکی خۆتان دەکەن، تا ئەمە ئایدیایی جڤاکی من بێت بۆ پیاوی بە غیرەت. رۆژانە لە گۆشەوکەناری ئەم جڤاکە ماندووە، ژن دەبێتە قوربانی ئەنانیەتی پیاو، (سیمۆن دی بۆڤوار) پەیڤێکی جوانی هەیە و دەڵێت"ژن، وەك ژن لە دایك نابێت، بەڵکو ئەمە کۆمەڵگایە دەیکاتە ژن". بەبۆچوونی من لەم وڵاتەی کە هەمیشە لە سەر



**پارێزەر نەدا مێرگەسۆری**

رووپەڕی رۆژنامەکانی پرە لە هەواڵی سووتانی ئافرەت، خۆکوژی ئافرەت و کوشتنی ئافرەت لە پێناو لابردنی لەکەی بێ ناوی شەرەف، ئوباڵی سەرەکی هەموو ئەو پێشلکاری و جیاوازی کردنانە بریتین لە کۆمەڵگا کە خۆی لە خێزانەکان دەبینێتەوە و هەروەها ئایین لە ئەنجامی ئەم هەڵە شرۆڤەکردنانەی کە بەشێوەیەکی نادروست راڤە دەکرێن، ژن دەکرێتە مێڤانی مەرگێکی ئەبەدی. کۆمەڵگا لە خێزان پێکدێت و دیموکراسی و یەکسانی لە کۆمەڵگا ناهێتە بوون، ئەگەر لە خێزانەوە دەست پێنەکرێت، گرنگترین و زۆرترین ئەو نابەرابەری و نایەکسانییەی دەرهەق بە ژن دەکرێت، لە ئەنجامی ئەو لێمیتەیشنانە و لێزەوت کردنی مافەکانیەتی کە لەکاتی پەروەردەکردنو لە قۆناغی منداڵیەتیو گەنجێیەتی لێی بێبەش دەکرێت، تەنیا لەبەرئەوەی کچە، هەر بە لە دایك بوونی هەردوو رەگەز جیاوازییەکان دەستپێدەکەن، زۆرجاریش خودی دایکان پێشێلکەری مافە سەرەتاییەکانی کچانیانن، کچ فێر دەکرێت جلی کچانە و تایبەت بە خۆی لەبەربکات، فێر دەکرێت ئەو یاریانە بکات کە کوڕانە نین و کچانەن، فێر دەکرێت چۆن دابنیشێت چۆن هەڵسێت، چونکە ئەگەر وانەکات، بۆی بەعەیبە دادەنرێت، ئەو وشەیەی کە بۆتە دێوزمەی گیانی کچانی کۆمەڵگا، فێردەکرێت



لەقسەی برای دەرنەچێت هەتا گەر لە براشی گەورەتر بێت، چونکە ناموسی برای لە دەستی ئەوە و دەبێت دامێنپاك بێت، جا ئەگەر براکەشی شەراب خۆرێکی هەمیشە مەست و دز و بکوژێکی بە هێزبێت، هیچ نییە، چونکە ئەمانە نابنە هۆی بێ ئابڕوویی کوڕی کۆمەڵگاکەم، چونکە ئەو هەمیشە پاك و بێ ئوباڵە! ئەوەی جێگای داخمە ئەوەیە کە ژنانی کۆمەڵگاکەشم لەم پێشیلکارییەی مافی خۆیان بێبەش نین، بە تایبەت دایکان، کە زۆربەیان نەیانتوانیوە ڕۆڵی دروستی دایکایەتی بگێڕن، بە هۆی جیاوازیکردنی زەقی ئەوان لە نێوان کچ و کوڕەکانیان، کاتێك هزری خێزان بەرامبەر ڕەگەزی مێ وابێت، کەواتە کۆمەڵگا کە لەیەکگرتنی هەزاران خێزان پێکدێت، دیدێکی ئەرێنی نابێت بەرامبەر بە ئافرەت، کەواتە خوڵقێنەری یەکەمی ئەم جۆرە جیاوازییانە خێزانە، کە بۆتە هۆی ئەوەی جڤاکی من بە چاوێکی دیکەوە، سەیری ئافرەت بکات. هەروەها ئایین، خەمی ژن هاومانایی خەمی ئایینە، لە وڵاتانی ئیسلامی پێشێلکاری مافی ئافرەت کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، ئیسلامی وا پێشانی جیهان داوە، کە گوایا ئایینێکی ڕەق، وشك و تووڕەیە، ئەمە ڕوخساری ئیسلامی قورئان نییە، زانایەکی تورك دەڵێت" ئیسلام سێ شێوەی لە خۆ گرتووە، ئیسلامی عەوام، ئیسلامی مەلا و ئیسلامی قورئان". ئیسلامی قورئانیش لە هەمووی دروستترە، چونکە ئەوانی تر هەر یەکەو بە دیدی عەوام و مەلاکان شرۆڤە دەکرێت کە ماڵی زۆربەی کچی وێران کردووە، ڕاستە لە زۆر شوێنی پەرتووکی پیرۆز مافی ئافرەتی لە چاو هی پیاو کەم دانراوە، شاهیدی دوو ژن وەردەگیرێت، بە دوو ژن بە قەد پیاوێك میرات وەردەگرن و پیاو بۆی هەیە لە ژنی خۆی بدات و چەندین نموونەی دیکە، کە خۆزگە لە پەرتووکی خوا، ئافرەت بەکەم دانەنرابوایە، تا پیاوان بە هەر شێوەیەك کە حەزیانە مامەڵەی لەگەڵ بکەن، چونکە بە هەلە شرۆڤەکردنی دەقەکانی قورئان بۆتە زیاتر پێشێلکردنی مافی ئافرەت، بگرە گیان لێسەندنیشی، بە حوکمی ئەوەی قورئان وایگوتووە، بەلام ئەو جیاوازیکردنەی بەرامبەر ژن دەکرێت، لە ئەنجامی تێکەڵکردنی هەندێك عورف و عادەتی قێزەونی خێلەکییە لەگەڵ ئایین و بۆئەوەی ڕەزامەندی گشت خەڵکیشی لەسەربێت، بە بەرگێکی ئایینیان پۆشاندووە.بەلام تا خێزان و کۆمەڵگا ریفۆرمی هزری بە خۆیەوە نەبینێت و ئایین بە هەڵە شرۆڤە بکرێت و تێکەڵی هەموو کاروکردەویەکی تاك و کۆمەڵگابێت و بە شێوەیەکی تۆقێنەر و تووڕە پێشانی خەڵك بدرێت، ئافرەتی کورد لە ڕێڕەوی ئایین و کۆمەڵگاکەی کە تژییە لە جیاوازیکردن کپ دەوەستێت.